

# گێڕانەوەی بەسەرهاتی دایکێک لە سەر زاری کوڕەکەیەوە

**زانا: مرۆڤ بوونەوەرێکە هەستی ناسکە**

**(باوکم دایکمی زۆر خۆشدەویست، نەمدیت رۆژێک لێیدا، یان تەنانەت دەستیشی لێ بلند بکا، بەڵام نیگەرانیش دیار بوو، ترسێکی لەدڵدا هەبوو، ئارام نەبوو)**

(زانا) کە ئێستا تەمەنی لە سەرووی (بیست) ساڵییەوەیە، هەمیشە بە جۆرێکی تایبەتی باس لە منداڵێتی خۆی دەکات و بە ئەزموونێکی ترسناکی دادەنێت، ئەو لە منداڵییەوە تووشی شۆك هات، وەك خۆی دەڵێ نازانێ (دایکایەتی) مانای چییە و ئەزموونی نەکردووە، ئەو وەکو منداڵانی دیکە، دایکی خۆش ناوێت، یان راستتر وایە بڵێین نەیتوانیووە دایکی خۆش بوێت، بەڵام لەگەڵ هەندێش ناتوانێ رقی لە دایکی بێتەوە، هەمیشە دڵی بە دایکی سووتاوە، ئەم رقە لەدایك و خۆشەنەویستنی لەلایەك و دەستبەرداربوونی ناچارەکی خۆشەویستیشی لەلایەکی دیکەوە، کاری زۆری لە پێکهاتەی دەروونی (زانا) کردووە و بەدرێژایی قۆناغی مێردمنداڵی و سەرەتای قۆناغی هەرزەکاری نیگەران بووە، هەمیشە بە ئازارێك ناڵاندوویەتی! دەبێ چی بێت ژیانی ئەم کورەی وا شێواندبێت و وەها بەدەستییەوە ناڵاندبێتی؟ بالێبگەرێین بەخۆی بەسەرهاتی ناخۆشی خۆی و ئەو هۆیانەی کە گرنگترین قۆناغی ژیانی لێ تاڵ کردبوو لە زاری خۆی ببیسین.

لەسەرەتادا (زانا) ئێمەی گەراندەوە بۆ قۆناغی منداڵێتی خۆی و بەمشێوەیە گوزارشتی لەخۆی کرد و گوتی: ئێمە لە ماڵەوە دوو براو خوشکێك بووین، هەتا پۆلی پێنجی سەرەتایش کێشەی نێوان دایکم و باوکم بە بیردانایە، منداڵێتیم شتێکی ئاسایی بوو، شتێکی وام بەبیردانایە کە نائاسایی بێت، تا ئەو رۆژەی کە مامی گەورەم هاتە ماڵمان، لەگەڵ باوکم کردیە مشتومر و دەمەقاڵی،وەك ئێستام لەبیرە کە نیوەرۆ بوو تازە لە قوتابخانە هاتبوومەوە، لەناو هەیوانی ماڵەکەمان بە باوکمی گوت: کورە ئاخر تۆ ئەو ژنەت بۆ وا بەرەڵڵا کردووە، بۆ لێیناپێچیتەوە، خەڵك قسەمان پێ دەڵێن و دەڵێن ژنی (حەمید)ی دۆستی هەیە و (حەمید)یش دەیزانێ و قسە ناکات، کورە ئەو قسەو قسەلۆکانە لەخۆوە نییە، چاودێری ژنت بکە و ئاگات لێی بێت و بزانە چی دەکات، باوکیشم سەری دەلەقاند و دەیگوت: ئێ، باشە وا دەکەم. مامم گوتی: (حەمید) وا من دەرۆم، خوا دەزانێ ئەو ژنەت بەرزەوت نەکەی، بەخۆم چارەی دەکەم، پاش ئەو قسەیە لێیدا رۆیشت، باوکم لە هەیوانەکەی ماڵ بەبێ دەنگی دانیشت و سەرێکی بادا و لەبن زمانەوە گوتی: ئەو ژنە بۆ وا دەکات، بۆ هێندە روو قایم و کەللە رەقە؟، تۆزێك پیشی خواردەوە و سەیرێکی منی کرد و گوتی: (زانا) کوا دایکت، لە کوێیە؟ گوتم: نازانم من تازە لە قوتابخانە هاتوومەتەوە، زانی نانمان نەخواردووە، هەستا چووە مەتبەخەکە و دوو سێ هێلکەی لە روونی کرد و بانگی کردین و گوتی: وەرن نانتان بخۆن، لەو دەمەدا دایکم هاتەوە، تەماشایەکی باوکمی کرد، لە دوورەوە زانی شتێك بووە، بۆیە بێ ئەوەی بهێڵێ باوکم قسەیەك بکات گوتی: لە دەست ئەو دائیرەیە مردوومە، هەتا ئێستاش جەنابی بەرێوەبەرە فەندی ئیشی زیادەی دوای دەوامی پێدەکردین، باوکیشم گوتی: مادام ئیشی زیادەی پێدەکردن، جەناب پێتان بگوتایە فەراشێك بنێرە بۆ ماڵەکانمان، با ماڵەوەمان ئاگادار بکاتەوە، نەوەکو قسەی ئەم و ئەومان بێتەسەر. دایکم یەکسەر زانی مامم هاتووە، بۆیە گوتی: چییە دیسان (عەلی) هاتبوو؟ باوکیشم گوتی: بەڵێ ئافرەت کاکم هاتبوو، نەمزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە، تۆ هەروا زەمان کورتم بکە، کەباوکم وای گوت، دایکم زانی مەسەلەکە جددییە، دەیزانی چۆنی ساردی بکاتەوە، بانگی دەکردە ژوورەکەی تر و چارەکە سەعاتێك دەمانەوە و کە دەهاتنە دەرەوە، وەك ئەوەی هیچ روونەدابێ، بارودۆخەکە ئارام دەبۆوە، نەمدەزانی لەو ژوورە دایکم چی پێدەگوت، یان چیان دەکرد و چۆن وەها باوکمی ئارام دەکردەوە، باوکم دایکمی زۆر خۆشدەویست، نەمدیت رۆژێك لێیدا، یان تەنانەت دەستیشی لێ بڵند بکا، بەڵام نیگەرانیش دیار بوو، ترسێکی لەدڵدا هەبوو، ئارام نەبوو، حەزی دەکرد ژیانێکی خۆش و ئارام بباتە سەر و وەکو هەر پیاوێکی دیکە دەیویست ژیانێکی خۆشی هاوسەرێتی هەبێت، بەڵام هەستم دەکرد قەت ئارام نییە، نەمدەزانی بۆ؟

## پەیوەندییە تایبەتییەکەی ژنەکەی (حەمید)

(زانا)بەردەوام دەبێ و دەڵێ: ئەو نائارامییەی باوکم، ماڵیشمانی تۆزێك نائارام کردبوو، ئەوان نەیاندەتوانی وەکو ژن و مێردێك بەیەکەوە دانیشن، چ بەتەنیا و چ لەگەڵ ئێمەدا، باوکم زۆر نازی دایکمی دەکێشا، بەڵام پێدەچوو هاوسەرێتی نێوان باوکم و دایکم هاوسەرێتییەکی ناچاری بوو. باپیرم واتە باوکی دایکم بەخواستی خۆی دایکمی دابوو بەباوکم. پاشان بیستمەوە بە زۆری بەمێردی دابوو، بەڵام بۆچی بە زۆر بە مێردی دابوو مەسەلەکە لە بنەرەتدا چی بوو تا ئێستاش نەمزانی. باری ناوماڵمان هەروا لەرزۆك بوو، یا با بڵێین شلۆق بوو، ناوە ناوە مامم دەهاتە ماڵمان و دەیگوت: (حەمید) من چم بەتۆ دەگوت: تۆ هەروا دابنیشە و لە گوێی گادا بنوو، من تۆزێك هەراش بووم، خوشك و براکەشم هەروا، کە هەردووکیان لەمن بچووکتر بوون، ئەوەندە منداڵ بوون لەو کێشانە نەدەگەیشتن، بەڵام من وانەبووم. تازە چووبوومە ناوەندی و پۆلی دووی ناوەندیم تەواو کردبوو لە قۆناغی هەرزەکاریدا بووم. جارجارە شەوان کێشە لە نێوان باوکم و دایکم دروست دەبوو، نەمدەزانی چییەو لەسەرچییە! بەڵام هەموو جارێ دایکم لە ژووری خۆیان دەهاتە دەرەوە و دەهاتە ژووری ئێمە و دەرگاکەی دادەخست و باوکمی لە ژووری خۆیان بە تەنیا جێدەهێشت! رۆژێك کە پشووی رەسمی بوو، نیوەرۆ بوو، دایکم خواردنێکی بۆ ئامادە کردبووین و دەوری کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەرۆ بوو، لەماڵ دەرچوو، نیوەرۆیە کە باوکم هاتەوە، من خواردنەکەم بۆ باوکم و بۆخۆشمان گەرم کردەوە. باوکم زانی دایکم لەماڵ نییە، کە پرسیاری کرد و وەڵامەکەیمان پێگوت، نیگەران بوو، نانەکەی بەساردی خوارد و هەر زوو دەستی لێکێشایەوە و کەوتە داڵغە لێدان، ئەوەندەی پێنەچوو مامی گەورەم و مامەکەی ترم پێکەوە بەدیار کەوتن و بێ سەلام کردن بە ژوورکەوتن. مامی گەورەم، لە باوکم نزیك بۆوە و بە دەنگێکی نزم، چووە بن گوێی و گوتی: ئەفەندی خانم لەگەڵ جەنابی بەرێوەبەر بینراوە، خۆ ئەمرۆ دەوام نییە، ئەی چی ئەوی گەیاندۆتە لای ئەو، خۆمان بە چاوی خۆمان بینیمان لە کوێ و کەی ژوانیان هەبوو، دەمانەوێ جەنابیشت بێی و بتبەینە شوێنەکە و بەخۆت دڵنیا بێت، ئەگەر لەوێش نەمابن، لە مەوعیدی ئەمجارەدا دێینە دوات تا بە چاوی خۆت ببینی، لە پاش ئەو گفتوگۆیەی نێوان ئەو دوو مامەم و باوکم زانیم مەسەلەکە چییە، رقم لە دایکم بۆوە، بەڵام نەشمدەزانی دەریببرم، چونکە بەتەواوەتی لە کێشەکان نەدەگەیشتم، باوکم و مامەکانم دوای ئەو مشتومرە لە ماڵ دەرچوون و ئێمە لەماڵماینەوە. خوشکەکەم گوتی: کاکە ئەوە مامەکانم بۆ رقیان لەدایەیە؟ چ وەڵامێکم پێنەبوو، بێدەنگ بووم، قەت هەستم بە ئاسوودەیی نەدەکرد، دوای ئەوەی لایەنێکی نهێنی کێشەی دایکم و باوکم زانی، لەدڵی خۆمدا هەستم بە نارەحەتییەکی قوڵ دەکرد و زۆرم خەفەت پێوە دەخوارد.

## چۆنییەتی کۆتایی هێنان بە کێشەکە؟

(زانا) لەسەر گێرانەوەی باسەکە بەردەوام دەبێ و دەڵێ: ئێمە لە ماڵدا ژیانێکی ناجێگیرمان هەبوو، دایکم وەکو ژنانی دیکە سەرپەرشتی نەدەکردین، ئەو خەمی ماڵ و منداڵی هەر نەبوو، ئێستاش نازانم بۆ وابوو، ئێمە وەکو دەڵێین خۆرسکانە گەورە بووین، باوکم زیاتر ئاگای لێمان بوو، من بەم تەمەنەوە هەستم دەکرد دایکم حسابی مێردی بۆ باوکم نەدەکرد، نازانم باوکم بۆ وا هێمن و بێدەنگ بوو، یا لاواز بوو لەبەرامبەریدا! مشتومری نێوان مامەکانم و دایکم بۆ ئێمە بەدیار کەوت، ئێوارەیەك مامەکانم لەگەڵ باوکم لەماڵ دانیشتبوون و چاوەرێی هاتنەوەی دایکمیان دەکرد، لەپر ئەویش بەدەرکەوت، ئەوان لێی راست بوونەوە و

هەر زوو لێیان پرسی لە کوێ بووی؟ گوتی لە بازاڕ، ئەوانیش گوتیان نەخێر، لەگەڵ فلانەکەسدا سواربووی و لە فلانە شوێنیش بووی و بەدواتەوە بووین، ئیدی بووە مشتومڕ و مامەکانم پەلاماریان دا و هەندێکیان لێدا، ئەویش ڕووبەڕوویان بۆوە و بە هەرحاڵ لەماڵ دەریانکرد، بەڵام باوکم پاش ئەوەی مامەکانم ڕۆیشتن دوای دوو کاتژمێر، لەگەڵ خۆی هێنایەوە، هەرچەند نەمانزانی لەم ماوەیەدا بۆ کوێ چوو بوو؟!

پەیوەندی مامەکانم و دایکم ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبوو، شەودرەنگانێك، لەگەڵ چرپە چرپ و خشەخشی پێ و هێنان و بردنی شتومەك لەخەودا بووم، بە ئاگاهاتم و هەر لەناو جێگادا بووم و چاوم کردەوە، بینیم دایکم درێژکراوە و وەکو کەلێشێکی لێهاتووە، خستیانە ناو بەتانییەك و بە گوریسێك لوولیان دا، مامەکانم خەریکی ئەو شتانە بوون، خاکەناس و پیمەرەشیان لەسەر زەوییەکە دانابوو، خستیانە ناو گونییەکەوە،، باوکم لەسوچێکی ژوورەکە دانیشتبوو، پاڵی بە دیوارەکەوە نابوو، فرمێسکی لە چاواندا دەهاتە خوارەوە. ژوورەکە زۆر ڕووناك نەبوو، بۆیە دەموچاوی باوکم بەباشی دیار نەبوو، بەڵام لەخۆوە هەستم کرد تاوانێك ڕوویداوە، بەڵام نەمدەوێرا خۆم ئاشکرا بکەم، نە توانای ئەوەشم هەبوو هەستم بزانم مەسەلەکە چییە، لەخۆوە سامێك گرتبوومی! نازانم چۆن بوو، لە بن جێگاکەم هاتمە دەرەوە، باوکم چاوی بە من کەوت، وەکو بزانێ کە ئەوەی ئاگام لە هەموو شتێکە، لەلای خۆی دانام و دەستی لە ملم کرد و هۆن هۆن دەگریا، کە مامەکانم هاتنەوە ژوورەوە و چاویان بە من کەوت و لە پەنای باوکم دانیشتوومە، وایانزانی هەموو شتێکم زانیوە، هاتنە لام دەستیان لە ملم کرد و مامی گەورەم گوتی: (زانا) کوڕم دەبێ زۆرت ئاگا لە خوشك و براکەت بێ، بەتایبەتی (نازێ)ی خوشکت کە یەك دوو ساڵی تر هەراش دەبێ و جاحێڵ دەبێ، ئێمە لە خەمی ئێوە بووین، ئەگەر بە فریاتان نەکەوتباینە ئەو دایکەتان ئێوەشی سەرگەردان دەکرد، جارێ وەختی گێرانەوەی هیچ نییە با باوکتان لە مەسەلەکەتان بگەیەنێ، لەگەڵ ئێمەش وەرە، سواری ئۆتۆمبیل بووین و تەرمی دایکیشم لەناو بەتانییەك لوول درابوو، بە دووان مامم و باوکم خستیانە ناو سندوقی ئۆتۆمبیلەکە و مامی بچوکم لێیخوڕی، شەو درەنگ بوو، باران لەنیوەڕۆیەوە دەباری، جار جار نم نم و جارجاریش بە خوڕ دەبوو، کە گەیشتینە گۆڕستانێکی دەرەوەی شار باران کڕی کردبۆوە، چووینە ئەوپەڕی گۆڕستان و دیار بوو پێشتر قەبرێکیان لێدابوو، تەرمەکەیان هێنایە خوارێ و گوریسەکەیان کردەوە و بە بەتانیەوە شۆڕیان کردەوە ناوقەبرەکە و ئەوجا بە خاکەناس خۆڵیان پێدا کرد، تا قەبرەکە پڕ بۆوە،

جارجارە سەیرێکی باوکمم دەکرد و بەردەوام فرمێسکی لە چاواندا دەهاتە خوارەوە. چووە لای ئۆتۆمبیلەکە و قورئانێکی بچووکی هێناو کردیەوە، لەسەر گۆڕەکە ڕاوەستا و دەمێك لە بن لێوانەوە دەستی بە خوێندنەوەی قورئانەکە کرد، تا نزیکەی دە دەقیقەیەك ئەوجا مامی گەورەم گوتی: حەمید درەنگە و زوو تەواو بە، با تووشی کێشەیەك نەبین، مامم هاتە لای من و گوتی: کوڕم (زانا) ئەو باسە لەلای کەس نەدرکێنی، ئێمە تازییەی بۆ دانانێین و خۆشمان وا نیشان دەدەین کە ئاگامان لە هیچ نییە و نابێ خوشك و براکەشت بەهیچ شتێك بزانن و بەهیچ شێوەیەك هیچیان پێنەڵێیت دەنا خۆشت و باوکت و ئێمەش تووشی کێشە دەبین، تەنیا ئەوەندە دڵێین دایکتان ڕۆیشتووە و کەس نازانێ بۆ کوێ چووە، ماوەیەکی دیکە ئێمە بۆخۆمان ژن بۆ باوکت دێنینەوە و ئەو ژنەش دەبێ لە دایکتان زۆر باشتر و بە ڕەحمتر و بەوەفاتر بێت، ئەگەر هەر کەموکوڕییەکی بەرامبەرتان هەبوو ئێمە لێی بەرپرسیارین،

ئەو شەوە کە گەڕاینەوە مامەکانم لەگەڵ ئێمە هاتنەوە، ئەوان نووستن، بەڵام من قەت خەوم لێنەدەکەوت، هەم لەترسان هەمیش لە حەپەسان، باوکم کە نووست، ماوە ماوە لە خەو ڕادەچڵەکی و یان هەر لەناو خەودا دەگریا و ئەوجا بە ئاگا دەهاتەوە، سەیرێکی دەوروبەری دەکرد و پاشان تەماشایەکی منی دەکرد، منیش خۆم دەخەواند، کە دەیدی نووستوومە، دەهاتە لام و بەتانییەکەی بە جوانی پێدادەدام و ماچی دەکردم و دەستی بەسەرم دادەهێنا، ئینجا هەر بەوحاڵەوە دوای چەند خولەکێك دەنووستەوە، منیش چاوم دەکردەوە و فرمێسك وەك ڕووبار بەچاومدا دەهاتە خوارەوە، دایکم بەبێ دەنگی نێژرا، زۆر سکم بە دایکم دەسووتا، دەمزانی کوشتیان، یان خنکاندیان، بەڵام بە چاوی خۆم نەمدیبوو، نەمدەزانی چۆن مرد، یا کامیان و چۆن کوشتیان، دەمزانی دایکم دەستی لەگەڵ پیاوێکی دیکە تێکەڵە، یان با بڵێین پیاوێکی دیکەی خۆش دەوێ. باوکم باری دەروونی خراپ و خراپتر دەبوو. مامم ئێمەی بردە لای خۆی، هەر بۆ بەیانی ماڵمان بارکرد و چووینە ماڵی مامم، مامۆژنم زۆر نازی دەکێشاین، خانووەکەیان زۆر گەورە و پڕ ژوور بوو، زۆر بە باشی ئاگادارمان بوو، هەموو جارێ بە منداڵەکانی خۆی دەگوت: نەکەن وا بکەن هەست بە فەرق و جوداییە یا غەریبی بکەن، ئێوە خۆتان لە ئاست ئەوان بە خاوەن ماڵ نەزانن، دوو سێ ڕۆژ بوو باوکم باری دەروونی بەتەواوی تێکچووبوو. مامم بەزووترین کات بردیە لای پزیشکێکی دەروونی و تۆزێك بە دەواو و دەرمان وەزعی باش بوو، ئینجا دوای مانگێك ژنێکی تریان بۆ هێنا، بە هێنانی ژنی دووەمی وەزعی خراپتر بوو، جارجارە باش دەبوو، جارجارەش خراپ، چەند جارێك لە نەخۆشخانە خەوێندرا چاك دەبۆوە، بەڵام پاش ماوەیەکی دیکە باری تەندروستی خراپ دەبۆوە، نزیکەی ساڵێك وەها مایەوە، زڕ دایکەکەم زۆر لەگەڵمان باش بوو، هەرچەندە ئێمە منداڵیش نەبووین بەڵام زۆر باش چاودێری دەکردین و دەتوانم بڵێم خزمەتی دەکردین. خوشك و براکەم زۆر بە پەرۆشی باوکم بوون، بەڵام سەریان لەوە سوڕما بوو، ئاخر باوکم چ عەیبی نەبوو، بۆ وەها تێکچوو، دایکم بۆ شوێن بزر بوو، چۆن ڕۆیشت و ئاوا نەگەڕایەوە، بۆ کوێ چوو بۆ ڕۆیشت؟ ئەوە ئەو پرسیارانە بوو هەموو جارێ خوشکم و براکەم دەیانکرد، منیش خۆم دەخواردەوە وەڵامم نەدەدایەوە،

باری تەندروستی باوکم گەیشتە ڕادەیەك، جارێ وا هەبوو بە مانگ لە نەخۆشخانە دەمایەوە، بە کورتییەکەی باوکم هەندێك جار وەك شێتانی لێدەهات، بگرە هەر بەتەواوەتی شێت دەبوو، ئاخیرییەکەی هەر دوو مامەکەم بردیانە وڵاتی (ئەردەن) و وەکو مامم دەیگێڕایەوە و گوتی: بردمانە لای پزیشکێکی دەروونی بە ناوبانگ و بەکەسەر پرسیاری ئەوەی لێکردین و گوتی: ئەگەر دەتانەوێ لەوەی خراپتری لێنەیە و بەتەواوەتی شێت و هار نەبێت، دەبێ بەسەرهاتە ڕاستەقینەکەیم بۆ باس بکەن، کە باسی مردنی ژنەکەیمان کرد، گوتی نەخێر ئەوە ژنی نەمردووە، بەڵکو کوژراوە بۆ ئەویش حەزی نەکردووە، بەم چارەنووسە بگات، منیش ورد و درشتی مەسەلەکەم بۆ باسکرد و گوتم: دکتۆر ئەو برایەمان ژنەکەی خۆی خۆشدەویست، بەڵام ژنەکەی ئەمی خۆشنەدەویست و پەیوەندی لەگەڵ کابرایەکی دیکە هەبوو، کە پێشتر خۆشیدەویست، ئێمە بەمەمان زانی، بۆیە پێمان قبوڵ نەدەکرا و لەناو خەڵکدا حەیامان دەچوو، ناچار شەوێك لەبەردەمی خۆی و لە ماڵەکەی خۆی خنکاندمان و هەر بەخۆشمان بەوشەوە بردمانە قەبرستان و ناشتمان! کە دکتۆرەکە ئەوەی بیست گوتی: تازە ئەوە چاك نابێتەوە، بەڵام هەر ئەوەندەم پێدەکرێ نەهێڵم لەوە خراپتری لێبێت. ئیتر منیش ئەوسا زانیم کە ئەوشەوە چی ڕوویداوە، ئەم ڕووداوە ئەوها مایەوە و پاش چەند ساڵێك لەمردنی دایکم، باوکیشم مرد. نە ئەوسا و نە ئێستاش نازانم مامەکانم ڕاست بوون یان نا؟ بەڵام ئێستاش دڵم هەر بە دایکم دەسووتێ.

> **دایکم بەبێ دەنگی نێژرا، زۆر سکم بە دایکم دەسووتا، دەمزانی کوشتیان، یان خنکاندیان، بەڵام بە چاوی خۆم نەمدیبوو، نەمدەزانی چۆن مرد**

لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# بەسەرهاتی حوکمدانی (شاکر)



(شاکر)ی تەمەن (٢٥) ساڵە ، قەت بە خەیاڵی دانەدەهات کە دەستگیر بکرێت.

کابرا خراپ تووشکرابوو، بێ ئەوەی بەخۆشی بزانێ، پاشنیوەڕۆیەك، هەر وەك جاری جاران چووبووە ئەو شوێنەی کە جێی ژووانی پێشتری بوو، هەر لەوێ دوای ماوەیەك چاوەڕێکردن، هەر هێندە زانێ چوار کەس لێی بەژوور دەکەون و قۆڵبەستی دەکەن! (شاکر) چاوی ئەبڵەق دەبێ و باوەڕ بەخۆی ناکات! وا دەزانێ برادەرەکانی گاڵتە و شۆخی لەگەڵ دەکەن، بەڵام کە دەبینێ جەماعەت بەڕاستی و بەجددیانە، ئەوجا تێدەگات کە کەوتۆتە چ چاڵێکی قوڵەوە، پاش قۆڵبەستکردنی، چی بەسەردێنن. بۆ گێڕانەوەی تەواوی باسەکە با گوێ لەخۆی بگرین کە دوای ساڵ و نیوێك حوکمدان و بەسەربردنی تەواوی ماوەی بەندییەکەی، لە زیندان دێتە دەرەوە و وەك ئەزموونێکی تاڵ و تفت، بەڵام سوودبەخش و بە کەڵك ئەو بەسەرهاتەیمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەمەبەستی ئەوەی کەسانی دیکە، چ ئەوانەی هاوشێوەی ئەون و چ ئەوانەی لەو ئەزموونە زیانبەخش و ترسناکە گلاون، چ ئەوانەی تووشی نەبوونە و لە دوورەوە ئاسەوارە خراپ و زیانە زۆرەکانی ئەم ئافاتە دەبینن بۆیان ببێتە پەند و ئەزموون. (شاکر) ئەزموونە تاڵە پڕ لەوانەکەی بەمشێوەیە دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

چەند جارێك بوو دەچوومەماڵێك لەوێ (تریاك) مان دەکێشا، بەڵام هەروا یەکسەر و راستەوخۆ ئەو ماڵەم نەدیتبۆوە، با لە نووکەوە بگێڕمەوە، ماوەیەك لەگەڵ برادەرێك لەسەر سنوور کەلوپەلمان دەهێنا و دەمانهێنایە شار و دەمانفرۆشت، ئەو برادەرەم بەڕێکەوت کۆنە برادەرێکی خۆی لەیەکێ لە شارۆچکەکانی سەر سنوور دەبینێتەوە، برادەرەکەی ناوی (رێباز) دەبێت، ئەم (رێباز)ە، وەکو ئێمە لاو دەبێت، ماوەی چەند ساڵێك بوو ئاودیوی ئەو دیو ببوو کاسبی دەکرد، قاچاخچیاتی دەکرد، ئەوەیان نازانم، بە کورتی نەمدەزانی خەریکی چییە، ماوەیەك ئەو برادەرەم و (رێباز) پێکەوە قسەیان کرد، ئەوان خەریکی گفتوگۆی خۆیان بوون، لەوکاتەدا تەلەفۆنێکم بۆ هات، بەمەبەستی وەڵامدانەوەی تەلەفۆنەکەم،

رووخسەتم لێخواستن و لێیان دووركەوتمەوە، مـــن لـــە دوورەوە ئەوانیـــش رووبەڕووی یەكتر خەریكی قســـەكردن بـــوون، كە لە تەلەفۆنەكـــەم تەواوبووم، دیاربوو ئەوانیش لێكجیاببوونەوە و گفتیان لە یەكتر دابوو، لە شوێنێك كە بەخۆیان دەیانزانی یەكدی ببیننەوە، دیاربوو پاش چەند رۆژێك(رێباز) و برادەرەكەم یەكتریان بینیبێوە، بەڵام ئەو برادەرەم لە بارەی خۆی و(رێباز) هیچی بەمن نەدەگوت، هەفتەیەك دووانی پێچوو، ئەوانە چەند جارێكی دیكە چاویان بەیەك كەوتبۆوە و پەیوەندییەكەیان قایمتر ببۆوە، كابـــرا تامی (تریاك) ی بـــە برادەرەكەم كردبوو، چونكە یەك دوو شەوان كە لەگەڵم دەبوو هەســـتم دەكرد ، بـــاری دەروونی و زەوق و سەلیقەی جارانی نەماوە. گومانم لێكرد كە شتێك بەكاردێنێ، بەڵام هیچی نەدەدركاند، وایلهێاتبوو ئیشـــی نەدەكرد، یان راســـتتر وایە بڵێم چیدی وەكو جاران نەدەهاتـــەوە بۆ ســـەر كار، كە دەشـــهات لە جیاتی ئـــەوەی لەگەڵـــم بمێنێتەوە و خەریكی راپەڕاندنی كارەكان بێت، دەیگوتە من(شـــاكر) تۆ خەریكی كاری خۆت بەو من دەڕۆم و فلانە كاتژمێر یان فلانە رۆژ دێمەوە لات.

پاشـــان ئێوارەیەك پێیگوتم ئەمشـــەو میوانـــی برادەرەكەمم و تۆش لەگەڵم وەرە، شـــەو چووین و میوانی كابرا بووین، پاش دانیشتن و دەمەتەقێ كردن كابرا شتێكی وەك قیرێ هێنا و ســـووتاندی، پاشان بە لولەیەكی باریـــك دوكەڵەكەی هەڵمژی، ئینجـــا لولەكەی دایـــە منیش و گوتی تۆش هەڵیمژە تووتنێكی زۆر بۆنخۆشـــە و بۆ ژانی لەش یەكاو یەكە، ئەو شـــەوی دوو رۆژ بوو هەمموو ماسولكەكانی لەشم لەســـەرمان رەق بـــوون، ژانەســـەرێكی تووندیشـــم هەبوو خوا خـــوام بوو حەبێك، دەنكۆڵەیەك، شتێك هەبێ ژانە سەرەكەمی پێ بشكێنم، كەوای گوت، بیرم نەكردەوە ئەوە مادەیەكی بێهۆشكەرە، بەڵام پاشان زانیم چییە، چەند جارێكیتر كێشـــامەوە، پاش ماوەیەك خۆشـــییەكی بەلەزەت بەنێو لەشمدا گەڕا و سەرتاپای لەشی گرتمەوە، راستییەكەی هەرچی ئازار هەبوو، لەسەرم پـــەڕی و ئەوەی ژان بێت نەما، كابرا ئەو بـــڕە قیرەی بەبێ پارە دامێ. دوو ســـێ رۆژی تـــری پێچوو، دیســـان برادەرەكەم ژوانێكی دیكـــەی رێككخســـتەوە، ئەو جارەش وەك بەزمی جاران شەو درەنگانێ كەلوپەلـــی دووكەڵ كێشـــانەكەی هێنا و دیسان دووكەڵەكەمان كێشایەوە، هەستێكی ســـەیری لەلا دروســـتكردم، وەكی جاران ئێشـــی جەستەی نەهێشـــتم، شەو لەوێ نوستین. بەیانییەكەی كاتژمێر ببووە یانزە و نیو ئینجا بەئاگاهاتین.

بەمجـــۆرە هەفتەیەكی دیكەی پێچوو كاتێك ئیشـــەكانمان تەواوبوو، ژوانمان لە كابرا وەرگرتەوە و چووینەوە بۆ كێشـــانێ، بەڵام كابرا گوتی:

برادەرینـــە ئەو مادەدیە كە ئەو دوكەڵ حەیاتـــەی لێدەردەچـــێ، هەندێك گرانە، منیـــش پارەی ئەوەم نەمـــاوە بیكڕم، بە پیاوەتی هەندێكم لە برادەرێك وەرگرتووە و هەر بەشی خۆشم دەكات، ئەگەر حەزتان لێ بێت ئەو بڕەی خۆمتان دەدەمێ ئەگەر نا، پارە بـــدەن، دەنێرم بۆتان بێت، ئێمەش گوتمـــان نابێ، بۆچی بەشـــی تۆ زەوت بكەیـــن، بایی هێندەمان پـــارە پێیە بنێرە بەشی خۆمانمان بۆ بێت، پارەكەمان دایە، ئەویـــش وەریگرت و چـــووە دەرەوە، پێنج خولەكێكی پێچوو، ئینجا بەخۆی و بە بڕە قیرەكە هاتەوە، هەر وەك رابردوو كردمانە دوكەڵ و كێشامان.

ئەو بەنگ كێشـــانەمان چـــوار پێنج جاری تر دووبارە كردەوە، ئەوســـا زانیم كە ناوی(تریاك) و بەنگەمەنییەو نرخەكەشی گرانـــە و ماددەیەكـــی بێهۆشـــكەرە و یاساغە.

## تێوەگلان لە كارێكی یاساغ

(شاكر) لە گێڕانەوەكەیدا كە گەیشتە ئەو شوێنەی كەوا هەستی كرد كە لە كارێكی یاســـاغ گلاوە. بەینێك لە گێڕانەوەكەی راوەســـتا و سەرێكی بادا و ئینجا گوتی: بەخوا منیش نەزان و ســـاویلكە بووم، كە زانیشم یاســـاغەو كارێكی ترسناكە هەر لەســـەری بەردەوام بووم، بەهەر حاڵ وەكو دەڵێن (تۆبـــەی گورگی مەرگە)، ئەوەم بە هەند وەرنەگرت كە رەنگە تووشـــی چ دەردەسەرییەك ببم، ئەو دوو كەسە(رێباز) و برادەرەكەم چاك لە ئیشـــەكە گلابوون، (رێباز) وەك خۆی باســـی دەكرد چەندی دیكەشـــی وا فێركردبوو، دەیویست لەسەر ئەو مادانە رایانبهێنێ و پاشـــان تووشیان بـــكات بۆ ئەوەی دواتر هـــەر بەخۆی بە پارە بیانفرۆشـــێتەوە، زۆری دیكەشـــی تووش كردبوو، برادەرەكەی منیشـــی هەروا تووشـــكردبوو، بەڵام ئەو برادەرەم فێرببوو، دەیفرۆشـــتە ئەو كەســـانەی كە بەخۆی فێری كردبـــوون، ئەوان بـــە كورتی هەم بەكاریـــان دەهێنا و هەمیـــش بازرگانیان پێوە دەكرد،كە گیراشـــن، ئەوان پێش من گیرابوون و ناوی منیشـــیان دابوو، بەڵام خـــوا رەحمی كردبـــوو نەیانگوتبوو كرین و فرۆشـــتنی پێـــدەكات، ئەگەرنا رەنگە چارەنووسێكی دیكەم هەبایە، خۆ ئەگەر وەشیان بگوتایە ئەوە گوناهێكی گەورەیان دەرهەقـــم كردبوو، چونكە راســـت نەبوو، ئەوجا هەتا راستییەكە بەدەر دەكەوت خوا دەیزانی چارەنووســـم بەچی دەگەیشـــت، فێرببووین شەوان دەچووینە ئەو ماڵە هەر كەسە و بەقەد توانای گیرفانی ماددەی بێهۆشـــكەری پەیدا دەكرد و دەیكێشـــا. شـــەوێك دانیشتبووین، بەڵام كەس فكری خراپی نەدەكردەوە، یان بڵێین كەس فكری بۆ ئەوە نەدەچوو تووشـــی شـــتێك ببین، ئەوەبوو، بەزمەكەمان دەستپێكرد، درەنگانی شەو، هەمموو ان سەرخۆش ببووین، لە پڕ چەند كەسێك بەژوور كەوتن و هەمموومانیان قۆڵبەست كرد، من وامزانی هەر برادەرانی خۆمانن كەوا دەكەن و گاڵتەمان لەگەڵدا دەكەن، كەچی كە ســـواری ئۆتۆمبیلیان كردین بۆمان دەركەوت كە نە گاڵتەیە و نە پێكەنین، بەڵكو راستییەكەی وەكو رۆژی رووناكە!

پاشـــان بردیانیـــن بـــۆ لێكۆڵینەوە و تاوانەكەمان لەســـەر ســـاغ بۆوە و ئەوجا دراینە دادگا و هـــەر یەكەی بە جۆرێك بەپێی جۆری تاوانەكە و بەشـــدارییەكەی حوكمیان وەرگرت، (رێباز) و برادەرەكەم بە یەكی پانزە ســـاڵ حوكمدران و من و یەك دوویەكی دیكەش تەنیا بە ساڵ و نیوێك، دووانی تریش بە چوار ساڵ حوكمدران.

ئەوەشی دەرەنجامی ئەو كارە ناپەسندەمان بوو، بەڕاســـتی ئەو ماوەیـــەی زیندان بۆ هەتـــا هەتایە تەمبێی كردم و فێری كردم كە جارێكی تر ببرای ببڕ نەك هەر نزیكی ئەو جۆرە كارانە نەكەومەوە، بەڵكو نیزیكی هیچ جۆرە تاوانێـــك نەكەومەوە، چونكە هەتا ژیانی ناو زینـــدان نەبینی، نازانی قیمەتی ئازادی و كەرامەتی ئینسانـــی ئازاد چەندە.

**بەڕاستی ئەو ماوەیەی زیندان بۆ هەتا هەتایە تەمبێ كردم و فێری كردم كە جارێكی تر ببرای ببڕ نەك هەر نزیكی ئەو جۆرە كارانە نەكەومەوە، بەڵكو نیزیكی هیچ جۆرە تاوانێك نەكەومەوە**

**هەستم دەكرد باری دەروونی و زەوق و سەلیقەی گۆڕاوە، گومانم لێكرد كە شتێك بەكاردێنێ، بەڵام هیچی نەدەدركاند، وایلهێاتبوو ئیشی نەدەكرد**

# شاناز بە زیندانی هەتا هەتایی حوکم دەدرێ



(شاناز) تا ئەو وەختەی وەك تۆمەتبارێك دەستگیر دەکرێ خاوەنی سێ کچ و کوڕێك بوو، ژنە وەکو بۆ خۆی گوتووبووی "راستییەکەی لە هیچمان کەم نەبوو، خانوومان هەبوو، ئۆتۆمبیلمان هەبوو، پارەی ئیشکەمان هەبوو، تەنانەت بۆ خۆم نێزیکی چارەگ کیلۆیەك زێڕیشم هەبوو، ئەوەی کردم و روویدا لە نەفامی و نەزانی خۆم بوو دەنا مێردشم لەگەڵم باش بوو، بەڵام ئیدی شەیتان پێیکردم،" ئەمە بەشێك لە گوفتارەکانی بوو لەبەردەم ئەفسەری لێکۆڵینەوەدا.(شاناز) تەمەنی سی و یەك ساڵ بوو، کە مێردی بە(دلاوەر) کرد تەمەنی بیست و سێ ساڵ بوو(دلاوەر) گەنجێکی قۆز و بەرچاوبوو، کە(شاناز)ی خواست ساڵێك دەبوو پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵدا دروستکردبوو، پەیوەندییەکەیان جۆرە بۆ یەك سووتانێك بوو، مەگەر بە چیرۆك و رۆمان بگێڕدرێتەوە. ماڵی(دلاوەر) ماڵێکی هەبوو بوون، کاروکاسبیان باش و لە هەرمێن دابوو، سەرەڕای ئەوەش(دلاوەر) بۆ خۆشی گەنجێکی ئیشکەر و زیرەك و زرنگ بوو، لەهەرەتی گەنجێتی، کە هێشتا ژنی نەهێنابوو، خاوەنی ئۆتۆمبیل و خانوو و ناو ماڵی خۆی بوو.

کاتێکیش کە ژنی خواست پتر لە مانگێك (شاناز)ی لەگەڵ خۆی بردە دەرەوەی وڵات بۆ بەسەر بردنی مانگی هەنگوینی و بەحسابی ئەو کاتی پتر لە دە هەزار دیناری سویسری خەرج کرد.(دلاوەر) نموونەی مێردێکی ئیشکەر و دڵسۆزی ماڵ و منداڵ بوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش (شاناز) کە دەبێتە خاوەنی چوار منداڵ، رق و کینەی تۆڵەسەندنەوە بەرچاوی تاریك دەکات بە کوشتنیشی دەدات، چۆن بە کوشتنی دەدات و بۆ ئەم تاوانە دەکات و چۆنی جێبەجێ دەکات با رێگە بدەین راستییەکان وەکو خۆی لە زاری خۆیەوە ببیستین.

**نەخشەکێشان بۆ کوشتن**

(شاناز) کە پتر لە نیوەی حوکمەکەی لە زینداندا بەسەر دەبات و دواتر بە بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت و ئازاد دەبێت، لەسەری ئازاد بوونیشیەوە کە سوکاری(دلاوەر) لەبەر خاتری منداڵەکانیان و پاڕانەوەی خۆی و خەڵکی دیکە لێی خۆش دەبن، و رێگەی دەدەن لەگەڵ منداڵەکانی دابنیشێت کە لە ماڵی باپیرەیان، باوکی باوکی منداڵەکان دەبن. (شاناز) بەمجۆرە دەست بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی دەکات و دەڵێ:

کە چوومە بەندیخانە هێشتا لە هەرەتی لاوێتی خۆم دابووم، منداڵەکانم بچووك بوون گەورەکەیان شەش ساڵان بوو، ئێستا ماشەڵڵا جاحێڵ بووە، بەڵام ئێستاکە کە وەبەر لێبوردنی گشتی کەوتم وا دەمبینی تەمەنم چل و دوو ساڵێکە کەچی ئەگەر یەکێك تەمەنی راستەقینەی من نەزانێ، تێدەگات کە تەمەنم پەنجا ساڵ بێت، دەمووچاوم هەمووی چرچ و لۆچ بوونە، گەنجێتیم بە فیڕۆ چوو و هەموویم لە چوارچێوەی شیشەکانی زیندان، بە هەموو ناخۆشییەکانی و گەرماو سەرمایەوە بە هەدەردا، منداڵەکانم دوور لە چاوی خۆم بەژنیان کرد و گەورەبوون، نەمدەزانی چیان پێویستە و چیان پێویست نییە، چۆن گەورە دەبن و باڵا دەکەن، بەدەیان شەو لەناو زینداندا سەرینەکەم بە فرمێسکی نەبڕاوەم تەڕ دەکرد و هەناوم بۆ منداڵەکانم دەسووتا، بەڵام کە کار لە کارترازا ئیدی پەشیمان بوونەوە چ فایدەیە.(دلاوەر) بۆ من هیچ عەیب و کەموکوڕییەکی نەبوو، هیچیش کەمتەرخەم نەبوو، بەڵام ئەوەی روویدا و ئەوەی پێیکردم هەمووی (رزگار)ی هاوڕێی بوو.(رزگار) برادەرێکی نزیکی (دلاوەر) بوو، کابرایەکی بە کەیف و سەفابوو، زۆری حەز لە رابواردن و خواردنەوە و خۆشی و سازکردنی بەزم و گەڕان و گەشت بوو، لەبەر ئەوەی لە هەندێ لە کارەکانی (دلاوەر) هاوبەش بوو، پێکەوە هەندێ کاروباریان رادەپەڕاند، ئەم پەیوەندییە بەهێزەیان و ئەم هاوبەشیەیان وایکردبوو، هەفتەی جارێك دووان(رزگار) لە ماڵمان بێت، جاری وا هەبوو بە تەنیا دەهات و پاشان دەڕۆیشت، رۆژێك کە بڕیار وابوو بچمە ماڵی باوکم و دوو شەو لەوێ بمێنمەوە،

ئاگاداری (دلاوەر) م کردەوە و گوتم من ئەمڕۆ چێشتی نیوەڕۆت بە ئامادەکراوی بۆ بەجێدێڵم و دەچمە ماڵی باوکم تا رۆژی شەممە نایەمەوە، گوتی : باشە.

کە رۆیشتم لە ماڵی باوکم، یەکێ لە منداڵەکانم داوای خەرجی رۆژانەی لێکردم، منیش چەندی گەڕام جزدانە بچووکەکەم نەدۆزیەوە، زانیم کە لەماڵەوەم لە بیر کردووە، بە منداڵەکانم گوت ئێوە لێرەبن من دەچمەوە جزدانەکەم لەماڵەوە لە بیر کردووە، دەیهێنم ئەوەبوو تەکسیەکەم گرت و چوومەوە ماڵ.

کە دەرگام کردەوە، هەستم کرد کەسێك یان زیاتر لە ماڵەوەیە، منیش چاوم گێڕا بەملا و

ئا: باوکی میدیا

بـــەولادا، وردە وردە دەچوومە پێش و دیقەتی هەمووشـــتێکم دەدا، کە زێدەتر چوومە پێشەوە لەبـــەر دەرگای یەکێك لە ژوورەکان پاپۆجێکی ئافرەتانم بینی، سەرم سوڕما، خۆ من پاپۆجی وەهام نییە، ئەی ئەوە چییە...! گوێم ســـووك کرد و هەستم راگرت، گوێم لە دەنگی ناسکی پێکەنینێك بوو، دڵنیابـــووم کە دەنگی ژنێکە، بەسرتە چوومە پێشـــتر و باشتر هەستی خۆم راگرت، ئەوســـا بەتەواوەتی دڵنیابووم کە ژنێك لە ماڵەوەیە، بە ئەســـپایی چوومە پێشتر و لە پڕ دەرگاکەم کردەوە بینیم(دلاوەر) لەگەڵ ژنێك پاڵکەوتووە و شـــەڕاب دەنۆشـــن، (رزگار)یش لەسەر قەنەفەیەك دانیشـــتووە، هەمووان قسە دەکـــەن و پێدەکەنـــن، کە دەرگاکـــەم کردەوە و (دلاوەر) چـــاوی پێم کەوت، چاوی ئەبڵەق ما و دەمی وەك تەڵەی تەقیوی لێهات، تا ساتێك هیچـــی پێنەگوترا ژنە واقی وڕما و هەســـتا و جلەکانی کۆکـــردەوە. (رزگار)یش هەر وەك چۆن بە دەمی بەش و چاوی سەرســـوڕمانەوە تەماشای کردم هەروا مایەوە، کە ئەمانەم بەو زەعەوە بینی، وەك فیشـــەکە شـــێتەم لێهات، پڕم دایـــە ژنەکە و تێکم راکێشـــا و دامنابوو بـــەو رووتیـــەوە فڕێدەمە کـــۆڵان و دەریکەم بـــەڵام(دلاوەر) نەیهێشـــت وگوتی: لێیگەڕێ با جلەکانی لەبـــەر بکات، با حەیامان نەچێت دوایی چیت پێخۆشـــە، بۆخۆت وابکە ئەوەبوو جلەکانی لەبەر کرد و دوو قسەی مزرم پێگوت و ئەویش تێیتەقانـــد و دەرچوو، مایەوە(رزگار و دلاوەر) هەردووکم دەرکردنە دەرەوە، پاشان بە خۆشـــم ماڵم بەجێهشێت و زیز بووم و چوومەوە ماڵی باوکم، حاڵ و مەسەلەکەم بەماڵی باوکم گوت و منداڵەکانیشـــم لای خۆم گل دایەوە، شه وو رۆژ دەکولاَم و دەجۆشام، زۆرم پێناخۆش بـــوو، کـــە(دلاوەر)م بەم وەزعـــەوە دیت و ئەو خیانەتەی لێکـــردم، مانگ و نیوێك لە ماڵی باوکم مامەوە، ئینجا بە هەوڵی ناوبژیوانی ماڵە خەزوورانم و پـــاش تکا و رجایەکی زۆر رازی بووم بگەڕێمەوە، بەڵام ئەم کارەی (دلاوەر) زۆر دڵ و دەروونی داخ کردبووم.

لە ناخمەوە بڕیارم دابوو کە تۆڵەی لێبکەمەوە ، بـــەڵام نەمزانی هەســـتی تۆڵەکردنەوە وەها چـــاوم کوێـــر دەکات، چونکە چەنـــدی بیرم دەکردەوە و بەهەر جۆرێك کە دەمویست تۆڵەی لێبکەمـــەوە دڵم دانەدەکەســـا، تا گەیشـــتمە ئـــەو بڕوایەی گوتم با بـــە(رزگار) خۆی بە کوشـــتنی بدەم، هەم تۆڵەی خـــۆم لە(دلاوەر) دەکەمەوە هەمیـــش(رزگار) بە گرتن دەدەم و لە ناو زینداندا دەیرزێنمـــەوە، ئەوەبوو رۆژێك کە(رزگار)م بە تەنیا بە مەبەســـتی کارەکانیان هێنایەماڵ و دانم یشتاند و دوواندم و پێم گوت بەدرێژی بۆم بگێـــڕەوە کە چەند جاری دیکە خۆت و(دلاوەر) کاری واتـــان کردووە، ئەویش لە ســـیری هەتا پیازی بـــۆی گێڕامەوە کە چەند جاری دیکـــە کاری وەهایان کردووە، بە قســـەی(رزگار) پتر لە حەوت هەشت جاری دیکە ئافرەتیان هێناوەتـــە ناو ماڵ و چەندی دیکەش لە شـــوێنی دیکە کاری وایان کردووە، بە قســـەی خۆشـــی هەموو جارێ (دلاوەر) بەخـــۆی داوای کردووە و هاندەری بووە، بەڵام من بەو قســـەیەی کە دەیگوت(دلاوەر) خۆی هاندەری بووە باوەڕم نەدەکرد، چونکە بەخۆشی ئافرەتی بۆ دەهێنایە ماڵم.

پتر لە کاتژمێرێك لەگەڵی دوام، گفتم پێدا ئەگەر هاوکاریم بکات پارەیەکی باشی دەدەمێ، هەندێ تەماحم خســـتە بەری و بڕە پارەیەکشم دایە و داواشـــم لێکرد(دلاوەر) هەرچی دەکات و نـــاکات ئاگادارم بکاتـــەوە، چەند جارێکی دیکە لەگەڵی دانیشتمەوە بێ ئەوەی (دلاوەر) بەهیچ رازو نیازێکی من بزانێ، ئاخیرییەکەی گەییشتمە رێککەوتنێك لەگەڵی و پێمگوت: ئەگەر تۆ(دلاوەر) بکوژیت، من مێردت پێدەکەم و هەرچی هەمە و نیمە، دەیدەمە تۆ ناشهێڵین کەس بـــە نهێنی کوشـــتنەکەی بزانێ، چەند جارێك گفتوگۆیەکی دوور و درێژمان لەســـەر نەخشەی کوشتنەکەی کرد، دواجار لەسەر ئەوە رێککەوتین کە شەوێك دیاری بکەین(رزگار) لە دەرەوە بیباتە بارێك و سەرخۆشـــی بکات و بەسەیارەکەی بیهێتەوە و دایبەزێنێت، کە دێتە ژوورەوە منیش بێمە ژووری نووســـتن، پاشان دەرگای حەوشـــەکە بە کراوەیـــی بەجێبهێڵم و ئەویـــش خۆی بەژوور دابکات و پێکەوە بچینە ژوورەکە و بچیتە ســـەر سینگی و بە بالفێك، کە دەیخەینە ســـەر دەموچـــاوی و بیکوژین، پاشـــان(رزگار) ئۆتۆمبیلەکە ببات و منیش هـــاوار بکەم و بانگی دەرو دراوســـێ بکەم و بڵێـــم دز هاتۆتە ســـەرمان و ئۆتۆمبیل و زێڕ و پارەی برد و(دلاوەر)یشـــی کوشت، نەخشەی کوشـــتنەکەمان بەمشـــێوەیە داڕشت، رۆژی دیاریکـــراو دەســـتمان کرد بـــە جێبەجێکردنی نەخشـــەکە، ئەوەبوو(رزگار) شەو (دلاوەر)ی بردبوو بۆ مەیخانە و تێری مەیی و شـــەڕاب دابویـــێ، کە سەرخۆشـــی دەکات دەیهێنێتەوە ماڵ، منیش بردمە ژووری نوستن و دەرگای حەوشەشم بە کراوەیی بەجێهێشت، بەڵام(رزگار) دەمودەســـت نەهاتە ژوورەوە دیار بوو، ترســـی گەیشـــتبووێ، (دلاوەر)یش دەمودەست خەوی لێنەکەوتبـــوو، بەڵکو پاڵی دابـــۆوە ، پێدەچوو تۆزێك مەســـتییەکەی بەریدابوو، یەك دووجار چووە دەرەوە و چاوم گێڕا دیتم(رزگار) لە ناو ئۆتۆمبیلەکـــەی(دلاوەر) خۆی مات کردووە، چـــاوم لێکرد و ئاگادارم کردەوە کە بێت، ئەوجا هاتە ژوورەوە وەکو نەخشەمان دانابوو، هەردووکمان چووینە ژووری نووستن کە(دلاوەر) تیایدا پاڵی دابۆوە، بەدووان پەلامارماندا، بالیفمان خســـتە ســـەری و بەهەموو هێزێکمانەوە خۆمان بەسەر دادا و لەســـەری ماینەوە تا هەناســـەی بڕا، ئینجـــا (رزگار) بە ئۆتۆمبیلەکەی پێی لێناو رۆیشـــت، منیش کردمە قیژە و هات و هاوار، دراوسێکان دەرچوون و هاتن بزانن چییە، پاشان ئـــاگاداری پۆلیس کرایەوە و یەك دوو مەفرەزە هاتن و دەســـتیان بەلێکۆڵینەوە کرد، یەکێ لە ئەفسەرەکان کە ســـەیری سیسەمەکەی کرد، تێبینیەکی لەســـەر دەفتەرێکـــی بچووك کە بەدەستیەوە بوو نووسی.

من ترسم گەیشـــتێ و تەماشایەکی منی کرد و زانی کە شپرزە بووم و رەنگ و رووخسارم تێکچووە، ئەفســـەری لێکۆڵینەوە و لێکۆڵەری دادییەکە پرسیاریان لە دەرو دراوسێ کرد، پاشان تەرمەکەیان بردە نەخۆشخانە و لەوێ بردرایە دادپزیشـــکی، بۆ بەیانی کە پزیشکی دادی، تەرمەکەیان پشـــکنی گوتبووی خنکێندراوە، ئەفســـەرەکە لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژی لەگەڵدا کـــردم و ئاخیرییەکەی وایلێکردم دان بەڕاستی تاوانەکە بنێم.

خۆم بۆ نەگیـــرا هەرچیم کردبوو، هەرچی روویدابـــوو هەموویـــم ئاشـــکرا کـــرد، مـــن دەســـتگیرکرام، بەڵام (رزگار) توانی هەڵبێت زانیبووی دەســـتگیرکراوم و هەموو شـــتێکم ئاشـــکراکردووە، پاشان لێکۆڵینەوەی چڕ و پڕم لەگەڵدا کرا کە چـــۆن بوو وەهام کرد و چۆنم ئەنجامدا و لەگەڵ کێ کردم و هەتا دوایی.

پـــاش چەند مانگێك بـــردرام بۆ دادگای تاوانـــەکان و دادگایـــی کـــرام و دادگا بـــە زیندانیکردنـــی هەتا هەتایـــی حوکمی دام و بردرامە بەشـــی حوکمە قورســـەکان و ژیانی راستەقینەی زیندانیم دەست پێکرد، وەختێکیش کە نزیکەی هەشـــت مانگێك دەبـــوو، کە لە بەندیخانە دابووم، هەواڵم بیســـت کە (رزگار) کوژراوە، کێ کوشـــتبووی و لەســـەر چی بوو نەمزانی، بـــە کوژرانی ئەو منیش ئاســـوودە بووم، بەڕاســـتی هەڵەیەکی گەورە و تاوانێکی قێزەونم کرد، و ماڵم لەخۆم و مێردم و منداڵیش تێکـــدا و هەڵەیەکم بە هەڵەیەکی زۆر گەورەتر چارەسەرکرد و عوزرم لە قەباحەتم گەورەتربوو، ئەگەرچـــی ئێســـتا هیچ نەما بـــەڵام ئاگر، پەشیمانی هەموو رۆژێ هەناوم دەسووتێنێ، ئاگـــری نەزانـــی و نەفامی، ئاگـــری تۆڵە ســـەندنەوە ژیانی لێکردمـــە دۆزەخ و ماڵ و حاڵی لێوێران کردم، بەڵام ئایا پەشیمانی هیچ دادێك دەدات.

**شه و رۆژ دەکولاَم و دەجۆشام، زۆرم پێناخۆش بوو، کە(دلاوەر)م بەم وەزعەوە دیت و ئەو خیانەتەی لێکردم**

**بەڕاستی هەڵەیەکی گەورە و تاوانێکی قێزەونم کرد، ماڵم لەخۆم و مێرد و منداڵیشم تێکدا و هەڵەیەکم بە هەڵەیەکی زۆر گەورەتر چارەسەرکرد**

✿ **(ئامینە عەبدولعەزیز) دەمێکە لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنی بەتایبەت پرسە ژێندەرییەکانی ژنان کار دەکات، لە دایک بووی ساڵی ١٩٦٣ی بەغدای پایتەختە و دەرچووی کۆلیژی راگەیاندنیشە.**

**(ئامینە) جگە لە کاری رێکخراوەیی میدیاکارێکی دیاریشە، ئێستا کاری رۆژنامەوانی لە رۆژنامەی (الصباح)ی عێراقی دەکات، شعریش دەنووسێ، دوو دیوانی شیعری لە ژێر ناوەکانی (القاره الثامنه) و(واعترافات الرحیل) چاپ کردووە.**

**خانمی (عەبدولعەزیز) بە داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی ژنان و منداڵان هەژمار دەکرێت، چ بە نووسین یان لە رێگەی کاری کۆمەڵگەی مەدەنی کاری لەسەر پرسی توندوتیژی ژنان و مافەکانی منداڵ و یەکسانی کردووە، بۆ ئەم مەبەستە بەشداری چەندین کۆنفرانس و گردبوونەوەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لە عێراق و دەرەوەدا کردووە و چەند خەڵاتێکی رێزلێنانی لە**

## رۆژنامەنووس و چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی (ئامینە عەبدولعەزیز) بۆ گوڵان:

# لە رۆژهەڵاتدا دەسەڵاتی سیاسی، ژن وەکو

*** هەندێك کەس بەدەست هێنانی ئازادی ژنان بە گەیشتنیان بە سەنتەری بڕیاردان دەبەستنەوە، بەڵام زۆرینەی دەسەڵاتدارانی رۆژهەڵات ژنان وەك دیکۆر و ماکیاژ بۆ جوانکردنی رووی دەسەڵاتی سیاسیان بەکاردێنن، لە نێوان ئەم دوو بۆچوونەدا ئێوە چۆن لە مەبدەئی ئازادی ژنان دەڕوانن؟**

- چەمکی ئازادی راستەقینە بریتییە لە تەمەتوعکردنی ژنان بە مافە سروشتییەکانیان و هەست کردن بەسەرداری لە بڕیاردان دا، ئەمەش لە رێگەی بواردان بە ژنان لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی دوور لەوەی مایە و دەستێوەردانی پیاوان ناکرێ باس لە ئازادی بکەن کاتێك ژنان ناچار بکەن ئەو جۆرە قسە و بیروڕایانە دەرببڕن کە باوەڕیان پێی نییە، جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان مافی ژنانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا هەیە، ژنانی رۆژئاوا هەنگاوی باشیان ناوە، زۆرێك لە مافەکانیان دەستەبەرە، ئازادی بەشێکە لەو مافانە، کەچی لە رۆژهەڵاتدا حاڵی ژنان پێچەوانەیە، کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان بەتایبەت کۆمەڵگەی عەرەبی تا ئێستا ماف و ئازادی ژنانی پێ هەزم ناکرێ، هێشتا گەیشتنی ئافرەتان بە سەنتەری بڕیاردان و بڕیاری سیاسی بە هێڵی سوور دەزاندرێ.

لە عێراقدا دوای نەمانی دیکتاتۆرییەت ژنان بوێرن و چالاکانەتر هاتنە مەیدان، بێ ماندووبوون و پچڕانەوە کاریان لە پێناو مافەکانیان کرد، ئەوەبوو هەندێکیان گەیشتنە پۆستە وزاری و پەرلەمانییەکان، بەڵام رۆڵیان لە بڕیاردانی سیاسیدا نییە، یان لاوازە، بۆیە منیش هاوڕام لەگەڵ بۆ چوونەکەت و دەڵێم، هێشتا ژنان ئامرازی جوانکارین بەدەست دەسەڵاتەوە و نەگەیشتوونەتە ئازادی راستەقینە، دەسەڵاتی سیاسی ژنان وەك ماکیاژ بۆ جوانکردنی دەسەڵات بەکاردێنێ.

*** ژنان لە پەرلەمانی کوردستاندا رێژەی ٣٠٪ ئەندامان پێك دێنن، هەروەها لە کابینەی حکومەتیشدا وەزیریان هەیە، بەڵام پشکداریان لە ژیانی سیاسی و تەنزیمیدا لاوازە، تا ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەندامییەتی مەکتەبی سیاسی پارتەکان، لێرەوە دەپرسم، ئایا هۆکاری ئەمە پەیوەستە بە لاوازی سیستەمی دیموکراسی یان سستی ئیرادە و هۆشیاری ژنان؟**

- لەمیانی کۆنتاك و دانیشتنم لەگەڵ ژنانی کوردستان لە کاتی کۆنفرانس و گردبوونەوەکاندا پێموایە ژنانی کوردستان هەنگاوی بەرچاویان ناوە، ئەوان رووە و ئەوە دەچن پێگەی راستەقینەی خۆیان بدۆزنەوە، ژنانی رۆشنبیر لە کوردستان تموح و خولیان لە ئاستێکی دیاریکراو ناوەستێ، ئەوان هیوای گەیشتنیان بە پێگە سیادییەکانیش هەیە، بەڕای من حاڵی ئافرەتی کوردستانی زۆر باشتر و پێگەیشتووترە بە بەراورد لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا.

**حاڵی ئافرەتی کوردستانی زۆر باشتر و پێگەیشتووترە بە بەراورد لەگەڵ هاورەگەزەکانیان لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا**

سەبارەت بە لاوازی بەشداریان لە ژیانی تەنزیمیدا، پێموایە شێوەی چەمکی دیموکراسی لە کاری سیاسی و حزبیدا وایکردووە کە ژنان حزوری بەهێزیان لەو بوارە نەبێ و نەگەنە پلە حزبییە بەرزەکان، نەك لەبەر لاوازی ئیرادە و ئاستی هۆشیاری بێ، بە بۆچوونی من دە ساڵی داهاتوو لە مێژووی ژنانی عێراقدا قۆناغێکی گرنگ و وەچەرخانێکی گرنگ دەبێ، ژنان بەهێزتر و چالاکتر دێنە مەیدانی کاری سیاسی و حزبی.

*** لە کوردستاندا هەتا لە عێراقیش بە گشتی تێبینی ئەوە دەکرێت ژنان گەر رۆشنبیربن یان لە پلە و پایەیەکی بەرزی ئیداریش دابن، بەڵام لە پرۆسەی کاری سیاسی و بڕیارە کۆمەڵایەتییە چارەنووسسازەکاندا پاشکۆ و وابەستەی پیاوانن، بەڕای تۆ چی بکرێت تا هەیبەتی لە دەستچوویان بۆ بگەڕێندرێتەوە و خۆیان بڕیاردەر و سەرداری خۆیان بن؟**

- (٣٠) ساڵەی حوکمڕانی دیکتاتۆرییەت ئاسەواری خراپی لەسەرتاکی عێراقی جێهێشتووە، پاشخانی ئەو دەیان ساڵە نەك هەر تەنیا ئافرەت، بەڵکو پیاویشی گیرۆدە و ئاڵۆزکردووە، دیکتاتۆرییەت بە پلانێکی مەبەستدار سایکۆلۆژییەتی پیاوانی شێواو و ئاڵۆزکردبوو، ئینجا هەوڵی دەدا ژنان ببن بە کۆیلە و پاشکۆی ئەوان، بۆیە دەبێ کار لەسەر لابردنی ئاسەوارە خراپەکانی ئەو دەیان ساڵە بکرێت، ئەمەش لە رێگەی دووبارە بوونیادنانەوەی سایکۆلۆژییەت و کاراکتەری تاکی عێراقی.

*** لە پەرلەمان و نێوەندی رۆشنبیری کوردیدا چەندین پیاو پاڵپشتی لە ماف و داواکارییەکانی ژنان دەکەن، هەوڵی دەرچواندنی ئەو بڕیارانە دەدەن کە خزمەت بە ئافرەت دەگەیەنێ، رۆڵی ئەو پیاوانە لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی چۆن دەنرخێنی؟**

**پێتوایە ژن بێ پاڵپشتی و هاریکاری پیاو لەو جۆرە ئەرکانەدا بتوانن بگەنە ماف و داواکارییەکانیان؟**

- قسەم لەگەڵ زۆربەی ژنە ئەندام پەرلەمانەکانی کوردستان کردووە، پێموایە



***بواری نووسین و مافەکانی ژنان و منداڵ و کۆمەڵگەی مەدەنی وەرگرتووە. (ئامینە) ماوەیەك راوێژکاری راگەیاندنی وەزیری ژنان بووە، هەروەها بەڕێوەبەری هەماهەنگیکاریش بووە لە وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی، ئێستا سەرۆکی رێکخراوی (سیما)ی مرۆیی و بەرپرسی رۆشنبیری دەزگای (ئەتوار) بەهجەتیشە، ئەندامی یەکێتی نووسەرانی عێراق و سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق و عەرەب و نێودەوڵەتیشە. (گوڵان) پەیوەندی پێوەکرد و پرسی بەشداری ژنانی لە بزاڤی سیاسی و پەرلەمانی لەگەڵدا تاوتوێکرد.✿***

# ماکیاژ بۆ جوانکردنی دەسەڵات بەکاردێنێ

کارەکتەری ئەوان هێندە بەهێز و ئازایە، خۆیان داکۆکی لە مافەکانیان دەکەن، بەڵام لە بارودۆخی کۆمەڵگەی ئێمەدا پاڵپشتی پیاوان ئێجگار پێویستە، ئەوان دەبنە تەواوکەری هێز و داواکاری ژنان، سەبارەت بە پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش، رۆڵی ئەوان تەنیا لە چوارچێوەی قسە و مۆتۆدە، بە عەمەلی هیچیان نەکردووە، جگە لە قسەو پێشنیار هیچیان لە دەست نایە.

*** عەدالەت تەرازووی پێوانەکردنی دیموکراسییە، هەر حزب و کیان و سستەمێکی سیاسی بیەوێت رێك و دروست حوکمڕانی بکات پێویستە رەچاوی ئەو مەبدەئە بکات، بەڕای ئێوە چۆن دەتوانین لە رێگەی پەرەپێدانی سیاسییەوە بە چەمکی دادو یەکسانی بگەین؟**

- دیموکراسییەت و عەدالەت دوو رووی یەك دراون، بێ هەبوونی دیموکراسییەت عەدالەت چەمکێکی بێ مانایە، لە هەمان کاتدا نەبوونی عەدالەت واتەی بزربوونی دیموکراسییە، عەدالەت ئەوەیە هەموو لایەك بەیەك چاو سەیر بکرێن، هاوتابن لە ماف و ئەرکدا، سەروەر بوونی یاسا خاڵێکی گرنگ چەسپاندنی عەدالەتە، عەدالەتیش تەنیا قسە و مۆتۆ و گرێدانی سیمینار و بەستنی کۆنفرانس نییە، عەدالەت یاسا و دیموکراسی راستەقینەیە.

*** زۆرینەی بزاڤە فیمینیستەکانی رۆژهەڵات ئازادی ژنان لە یەکسان بوونیان بە پیاوان دەبەستنەوە، بەڵام پێتوانییە پیاوانیش بەشێوەیەك لە شێوەکان دیل و نا ئازادن، ئایا مەسەلەی ئازادی ژنان لە رۆژهەڵات مەسەلەیەکی شمولی گشتگیرو وابەستەی بارودۆخی سیاسی و ئابووری گشتی کۆمەڵگەیە؟**

وەك چالاکوانێك لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنیدا زۆرجار لە خۆم دەپرسم ئایا یەکسان بوونم لەگەڵ پیاوان ئازادیم بۆ دەستەبەر دەکات؟ ئایا بەڕاستی پیاوان رێگرن لەبەردەم ماف و ئازادی ژنان؟ پێموایە مەسەلەکە زۆر لەوە قووڵ و کۆنترە، نێرینە توخمێکی گرنگە لە پێکهاتەی کەسایەتی من، منیش بەشێکی گرنگ کەسایەتی پیاو پێك دەهێنم، هەردووکمان هاوتاین لە بەخشین، بەڵام جیاوازین لە رێژەی ماف وەرگرتندا. بابەتی یەکسانی بابەتێکە زۆر لەوە گەورەترە بە خاڵ و پنتێکی بچووك ببەسترێتەوە، کۆمەڵە مافێك هەیە دەبێ بۆ هەموو لایەك فەراهەم بێ( وەك مافی هاووڵاتی بوون، یەکسان بوون لە بەرامبەر یاسادا.. تا) بەڵام ئەوە کارکردن و بەخشینی مرۆڤ و کردارییەتی کە مافە تایبەتییەکانی دیاردەکات، نا عەدالەتییە کەسێکی بێ بەرهەم و بێ بەخشش هاوتای کەسێکی کارکەر و بەرهەم داربێ لە مافدا.

*** رۆشنبیری تاك چ رۆڵێك لە چەسپاندنی بنەماکانی یەکسانی دەگێڕێ، پێتوایە یەکسانی لە نێوان نێرو مێدا زامنی بوونیادنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و تەندروست بێ؟**

- رۆشنبیری تاك رەنگرێژی کلتووری گشتی کۆمەڵگە دەکات، ئەو کۆمەڵگەیەی هزری هەڵە لە بیری تاکەکانی دەچێنێ بەوەی کە ئافرەت کائینێکە تەنیا بۆ بەڕێوەبردنی ماڵ و وەچە نانەوە، رۆژێك دادێ باجی ئەو هەڵەیەی دەداتەوە، رۆژێك دادێ دەبینێ خۆی خستۆتە نێو چ چاڵێکەوە، عەدالەت دەرمانی دەردی نەخۆشییەکانی کۆمەڵگەیە، گەر عەدالەتی راستەقینە بچەسپێ پێویستیمان بە یەکسانی نابێ.

*** لە رۆژئاوادا ژنان بەشداری ئەکتیڤیان لە ژیانی ئابووریدا هەیە و خودان ئابوورییەکی سەربەخۆن، لە دوا پرسیاردا دەپرسم سەربەخۆیی ئابووری چۆن کار لە ئازادبوونی ژنان و وەدەستهێنانی مافدا دەکات؟**

- سەربەخۆیی ئابووری فاکتەرێکی بەهێزی دیاریکردنی کەسایەتی ئافرەتێکی ئازادە، ئافرەتی خاوەن کار ئەوەی پشت بە دارایی خۆی دەبەستێ، بێگومان بەهێزترە لەو ئافرەتەی پیاوەکەی پارەی پێدەدات، گەر تەجرەبەی رۆژئاوا وەك نموونە وەربگرین دەکرێ بڵێین ئەوە تەنیا نیعمەتی سەربەخۆیی ئابووری نییە ئازادی و مافی بۆ ژنان هێناوە، بەڵکو یاسا و کلتووری کۆمەڵگە و هۆشیاری تاکە ئەو واقیعەی چەسپاندووە، ئافرەتی رۆژئاوا نەك لە رووی ئابوورییەوە بەشێکە لە کۆمەڵگە، بەڵکو لە هەموو روویەکەوە سەربەخۆی یەو وابەستەی پیاو نییە، بەڕای من سەربەخۆیی ئابووری لادان و دەرچوونی بۆ ژنانی رۆژئاوا بەرجەستەکردووە، بێگومان ئەمە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا شتێکی قەبوڵ نەکراوە، ناکرێ ژنان سەربەخۆبوونی ئابووری بە ئازادی رەهاو جیابوونەوە لە پیاوان بزانن، دەبێ ئابووری هۆکارێك بێ بۆ بەهێزکردنی پێگە و مەوقیعی ژنان لە کۆمەڵگە و بەدەستهێنانی مافەکانیان، نەك فاکتەری دەرچوون و تێکدانی خێزان، لەگەڵ سەربەخۆیی ئابووری ژنان و ئازادیم، بەڵام لە سنووری تێگەیشتن لە ئازادی و سەربەخۆیی بە لە بەر چاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە.

**دە ساڵی داهاتوو قۆناغێکی گرنگ دەبێ لە مێژووی ژنانی عێراقدا، ئەکتیڤ تر دێنە مەیدانی کاری سیاسی و تەنزیمییەوە**